بۆکان حاسلی رەنجی ئەوەن وەک وەستا سمایلی ئیسماعیلپوور، وەستا قادری کەرێزە مەشهوور بە دەروێش قادر و وەستا فەتاحە سوور.

حاجی مستەفا نەججاڕیش زۆر دارتاشێکی لێ وەشاوە بوو.

**ئاسنگەری**: وەستا حەسەنی بەسری، باوکی کاک عەلی بەسری و وەستا حوسەینی پایدار باوکی کاک عەبووی پایدار لە تەنیشت دوکانی ماماغا سەعیدی نەزەری دووکانیان بوو. هەروەها وەستا عەوڵای ئاسنگەر لە گوزەری کۆن دوکانی بوو.

**ئاش و ئاشەوانی:** بە بیرەوەری دایکم، هەوەڵین ئاشەوان کە لە ئاشی باشی و ئاشی خانم ئاشەوانی دەکرد کاک شەنگەی مورادی مەعرووف بە شەنگەی ئاشەوان بوو.

ئاشی عەلی کەشاوەرزی و ئاشی حاجی حەسەنی عەلیزادە لە خیابانی میراوا، ئاشی حاجی کەریمی لێلی پوور لە جادەی مياندواو، ئاشی سید محێدین حوسەینی لە جادەی سەقزیش هەر "ئاشی ئاور" بوون.

**تەنەکەسازی:** تەنەکەسازەکانی کۆنی بۆکان دوای مامە رەشیدی حەلەبی، وەستا عەوڵا وەیسی مەشهور بە عەبە تەنەکە و وەستا روستەمی تەنەکە ساز و وەستا سەعیدی قاسم زادە مەشهوور بە سەعید تەنەکە- زاوای کاک ئەسعەدی حەقیقەت، وەستا محەممەدە شەل مەشهوور بە ئاغاسی (گۆرانی بێژ) یش هەر تەنەکەساز بوون.

**حەمامچی:** هەوەڵێن کەسانیک کە لە حەمام کاریان دەکرد بریتی بوون لە:

عەلی حەمامچی باوکی کاک حەمەساڵە و کاک عەوڵای مەشهوور بە باۆک مردوو(خوشنوود)،کاک حەمە حوسین جانالی مەشوور بە حەمە حوسینی دەڵال،عەبووی فەقێ بۆکانی مەشهوور بە عەبووی نەنێ، کاک حەمەساڵەی بۆکانی،وەستا محەممەدی ئەڵیاس وەند و حەیدەرە عەجەم.

(من هەروەها "کاک عەلی و کاک محەممەدی ناوە" شم لەبیرە، کە دەلاک بوون و لە حەمامی نادر و حەمامی کاکاغای کەیخوسرەوی کاریان دەکرد. ئەنوەر)

**ژنانی حەمامچی:** دادە زارا فەتعەلیزادە، دادە زولێخا جەعفەری و دادە مریەمە کۆلە